# کوشتنی وەحشیانەی ئامینەو شەوبۆ، قوربانیەکانی "تاوانی شەرەف" لە کوردستان مەحکومە!

**حاڵەتێکی باوەڕپێنەکراوە کاتێک دەبیستی کە کچێکی 12 ساڵان لەلایەن باوکیەوە زۆر دڵڕەقانە دەکوژرێت تەنها لەبەرئەوەی باوکە گومانی هەبووە کە کچەکەی پەیوەندی  بە کوڕێکی 24 ساڵەی دراوسێیانەوە هەبووە. ئەمە ڕوداوی کوژرانی ئامینەی 12 ساڵە کەلە 5ی ئایاری 2007 لەلایەن باوکیەوەو لەبەردەم وەزارەتی مافی مرۆڤ لە شاری هەولێر دەکوژرێت!.**
**بەپێی هەواڵ باوکی ئامینە یەکێکە لە ئەفسەرە سەربازیەکانی ی.ن.ک وتا ئێستا هیچ لێپرسینەوەو سزایەکی یاسایش لەسەر تاوانی کوشتنی کچەکەی نەدراوە!. دەگێرنەوە کە ئامینە پێش کوشتنەکەی زۆر لە باوکی پاڕاوەتەوەو تەنانەت دوو جار قاچی باوکیشی ماچ کردووە تا نەیکوژێت، بەڵام دڵڕەقی باوکی هەموو پاڕانەوەو نزاکانی ئامینەی پشت گوێخست و زۆر بە خوێن ساردیەوە کوشتی!.**

**یەکێک لە قوربانیەکانی تری تاوانەکانی "شەرەف" لە کوردستان، شەوبۆ علی ڕەؤوفی تەمەن 19 ساڵانە کە بە پێی قسەی باوکی لەلایەن مێردوو کەس و کاری مێردەکەیەوە لە 12ی ئایاردا کوژراوە. مێردەکەی ناوی هێمن مەولود علی (لەبەریتانیا ناوی نەمر محمد ە)و مافی پەنابەری هەیە.**



**وا باس دەکرێت کە شەوبۆ لەلایەن کەسوکاری مێردەکەیەوە مامەڵەی خراپ دەکرێت و بەنابەدڵی دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، کەسوکاری هێمن تاوانی ئەوەیان خستبووە پاڵی کە ژمارەیەکی "نەناسیاو" لە ناو مۆبیلەکەیدایە. کاتێک هێمن دەگەڕێتەوە، لەگەڵ کەسوکارەکەی خۆی، شەوبۆ دەبەن بۆ سەیران بۆ شارۆچکەی دوکان و لەوێ  پاش ئازاردانێکی زۆرو شکاندنی چەند شوێنێکی گیانی بە حەوت فیشەک دەیکوژن. بەپێی قسەی باوکی شەوبۆ دوو کەسی تر لەتاوانی کوشتنەکەدا بەشدارن. "سەمیر مولود علی و مامە مولود علی" وە هەردوکیان لەبەریتانیا مافی پەنابەرییان هەیە.**
**ئاشکرایە کەئەم تاوانبارانە کاتێک کە یەکێک لە ئەندامانی ژنی خێزانەکانیان دەکوژن هەست ناکەن کە لە دوایدا سزا دەدرێن، ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە لە کوردستان کە تاوانبارانی کوشتنەکانی شەرەف سزا نادرێن!**
**بارودۆخی کوردستان بۆ ژنان زۆر ترسناک بووە لەوەش ناچێت دەسەڵاتداران هیچ ڕێگەوشوێنێک بدۆزنەوە بۆ پاراستنی گیانی ژنان. بەپێی هەواڵەکان بەتەنها لەم چەند هەفتەیەدا 12 ژنی تر لە کوردستان لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون یان خنکێنراون یان سوتێنراون تەنها لەبەر ئەوەی کە "شەرەفی لەدەستچویان" بکرێنەوە! هەموو ئەم تاوانە جەرگبڕانە لەدوای کوشتنی "دۆعا" وە دێن کەلە 7ی ئاپریلی 2007 لە شارۆچکەی بەعشیقە بەبەرد کوشتیان!**
**"کوشتنی شەرەف" لەکوردستانی عێراق بۆتە پەتایەکی کوشندەو دەسەڵاتدارێتی حکومەتی هەرێم بەرپرسی یەکەمە کە کۆتاییەک بۆ ئەم جەنگە نهێنیە بهێنێت کەلەدژی ژنان بەڕێکەوتوە.**

**ژنانی کوردستان بۆ بەهێزکردنی خەباتیان لەدژی توندوتیژی وکوشتنیان، پێویستیان بە پاڵپشتی ئێمەو هاوپشتی نێونەتەوەیی هەیە بەمەبەستی فشارهێنان بۆ حکومەتی هەرێم بۆ دانانی یاسایەکی یەکسانیخوازانە کە یەکسانی دابین بکات و کەرامەتی ژنانی کوردستان بگێرێتەوە. هەروەها ئەرکی حکومەتی بەریتانیایە کە ئەو تاوانبارانەی کە شەوبۆیان کوشت و پەنابەرن لەم وڵاتە دەسگیریان بکات و بەدادگایان بگەیێنێت!**

هۆزان محمود: نوێنەری دەرەوەی وڵاتی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق
**کۆمەڵەی ژنانی کورد – کێرکلیس**
**کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی- کێرکلیس**
**کۆمەڵەی کوردی رۆژهەلات – کێرکلیس**
**کۆمەڵەی دۆستێنیی کورد رۆژئاوا و بەریتانی-کێرکلیس**
**فیدراسیۆنی پەنابەرانی کورد – کێرکلیس**

**پەیوەندی: هۆزان محمود**

houzan73@yahoo.co.uk **Tel: 079 56 883001**

31/05/2007